**کوردستان، خەونی کارەبای بەردەوام!**
**کێشەی کارەبا، هۆکار و چارەسەر**

**سیروان محەمەد**

**کارەبا، یەکێکە لەو دەستەواژانەی بە درێژایی 26 ساڵی ڕاپەڕدوو، زۆرترین قسەو باسی لەسەرکراوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تەمەنی ئەم کێشەیە هاوتەرییە لەگەڵ تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**
**بە درێژایی ئەو مێژووە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا نەدۆزراوەتەوە، ئەگەر لە هەندێك قۆناغیشدا بە کاتی چارەسەر بوبێت، ئەوا لەلایەن دەسەلأتەوە وەك مەکرەمە و پاداشت بە خەڵك فرۆشراوە، نەبوونیشی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و دژە دەسەڵاتەوە وەك کارتی فشار و خاڵی لاوازی حکومەت بەکارهاتووە.**
**بۆیە زۆرجار لە وادەی هەڵبژاردنەکاندا بە پەلە و بێ بەرنامە زۆرترین خەرجی بۆ کەرتی کارەبا تەرخان کراوە، دواتر بۆتە بارگرانی گەورە لەسەر شانی حکومەت و کێشەی کارەباش هەروەك خۆی و بێ چارەسەری بنەڕەتی ماتەوە .**

**سەرەتایی کێشەی کارەبا.**
**لە دوای ڕاپەڕین بە دواوە تا ساڵی 2006 تاکە سەرچاوەی وزەی کارەبا لە کوردستاندا جگە لە پارێزگای دهۆك، هەردوو وێستگەی کاهرۆ ئاوی دوکان و دەربەندیخان بوو، لە دوای ئەو بەروارەوە بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا درایە کەرتی تایبەت و لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەك وویستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دامەزراو توانی ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبێتەوە، لەگەڵیدا کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی زیادی کرد، بەڵام بە خەرجییەکی زۆر بێ بەرنامە.**

**هاوکێشەی خواست و خستنەڕووی کارەبا**

**لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبادا، حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە گەیاندنی کارەبا بۆ شارو شارۆچکەو گوندەکان و هاوکات باش بوونی گوزەرانی خەڵك و بەرفراوانبوونی شارو و شارۆچکەکان، خواست لەسەر کارەباش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوو بە شێوەیەك هەمیشە خواست لەسەر کارەبا هەمیشە لە پێش خستنەڕووی کارەبا بووە . ( خشتەی 2 ڕێژەی زیادبوونی بەشداربوونی کارەبا لە سنوری پارێزگای سلێمانی لەنێوان 2007 بۆ 2016 ).**

**ڕاستە حکومەت بەهۆی بەرزی نرخی نەوت تەرخان پارەی زۆر بۆ کەرتی کارەبا ساڵی 2013 لە وەرزی هاویندا کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا گەیشتە 23 کاتژمێر بەڵام لە دوای ساڵی 2013 دەسپێکرنی قەیرانی دارایی بۆشایی نێوان خواست و خستنەڕووی کارەبا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەورەبووندا بوو، بە داخەوە لە وەرزی زستانی ڕابردوودا کارەبای نیشتمانی بۆ 3 کاتژمێر دابەزی ( خشتەی ( 1 ) تێکڕای بوونی کارەبا بۆ چوار ساڵ لە پارێزگای سلێمانی ).**

**کێشەی کارەبا چی یە ؟**

1- **نەبوونی سیاسەتی وزە** ( Energy policy ).

**لە هەموو دنیادا، وزەی کارەبا لە کۆی وزەکانی دیکە جیاناکرێتەوە و گرانترین جۆری وزەیە ، بۆیە دەبێت حکومەت لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی وزەدا، سەیری وزەی کارەبا بکات ، بۆ نموونە دەبێت بزانێت ئایا گەرمکردنی ئاوی ماڵان کە ئێستا لە ڕێگەی وزەی کارەباوە زۆر گران دەکەوێت لەسەر حکومەت وەك بە غاز بێت.**
**ئایا حکومەت دەزانێت ساڵانە چەند لە وزەی کارەبا بۆ گەرمکردنی ئاوی ماڵان دەڕوات.**

که بە پێی داتاکان بۆ هەر هاوبەشێك ساڵانە بایی (360) دۆلار خەرجی کارەبای بەرهەمهاتوو بۆ هەر هاوبەشێك دەڕوات، بۆ کۆی هاوبەشانی کارەبای کە 1.35 ملیۆن هاوبەشە دەکاتە 486 ملیۆن دۆلار.

1 بۆیلەر 3000 وات ×یەك ڕۆژ× یەك ساڵ بۆ یەك هاوبەش= 360 دۆلار.

ئەگەر کۆی هاوبەشانی کارەبای هەرێم کەرەتی 360 دۆلار بکەین= بە 486 ملیۆن دۆلار.

واتە ساڵانە بایی 480 ملیۆن دۆلار لە خەرجی کارەبا بۆ ئاو گەرمکردنی ماڵان دەڕوات.

گریمانەی گەرمکرنی ئاوی ماڵان بە غازی سروشتی.

ئاشکرایە کارەبای کوردستان بە غازی سروشتی بەرهەم دێت، دواتر خەرجییەکی زۆر، بۆ کڕین و گواستنەوەو دابەشکردنی بۆ ماڵان دەبرێت، ئەگەر ماڵێك ئاوی ماڵەکەی بە غاز گەرم بکات بە تێکرایی لە ساڵەکەدا (8) بتڵ غازی دەوێت.

واتە 8×7.5 دینار = 60 هەزار دینار.

بۆ کۆی هاوبەشانی کارەبا 1.35 ملیۆن هاوبەش = 81 ملیار دینار، بەدۆلار دەکاتە 64 ملیۆن دۆلار.

واتە ئەگەر حکومی هەرێم بڕیار بدات بە گۆڕینی ئاو گەرمکردنی ماڵان لە کارەباوە بۆ غاز ساڵانە 422 ملیۆن دۆلار بۆ دەگەڕێتەوە.

بۆیە دەبێت حکومەت بەرنامەی گونجاو دابنێت بۆ گۆڕینی سیستمی ئاو گەرمکردنی ماڵان لە وزەی کارەبا بۆ وزەکانی دیکەی وەك غاز، یان ووزی خۆر و چەند سیستمێکی دیکەی ئاو گەرمکرن، کە زۆر ئاسان و تێچووی کەمە ، بەوەش بارگرانی سەر کارەبا زۆر کەم دەبێتەوە.

ئەم بەراوردکردنە بۆ گەرمکردنی ماڵانیش ڕاستە واتە دەبێت سیستمی گەرمکردن گۆڕانکاری تێدا بکرێت ، لە دیزاین و دروستکردنی بینادا دیوارو سەقفی بکرێتە مەرجی پێدانی کارەباو هاوبەشیکردن.

لێرەوە پێویستە حکومەت سیاسەتێکی ووردی وزە دابنێت بەردەوام کاربکات بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی کارەبا چونکە گرنترین جۆری وزەیە و بەرهەمهێنانی و گواستنەوە و دابەشکردنی و بەڕێوەبرنی خەرجییەکی زۆری دەوێت، بۆیە دەبێت هەمیشە بەدوای جێگرەوەکانیدا بگەڕێت.

2- بەڕێوەبردن ، کۆنی و خراپی بەڕێوەبردنی کەرتی کارەبا.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی گەورەکانی کەرتی کارەبا، سیستمی بەڕێوەبردنە، کە جگە لەوەی کەرتی کارەبا ڕۆژ لەدوای ڕۆژی گەورە و بەرفراوان دەبێت و خەرجییەکانی زیاتر دەبێت، بەڵام هەمشە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵدا کراوە و دەیان کادرو کەسانی شارەزای بواری کارەبا لە لوتکەی توانا و داهێناندا بووە و بەدەر لە ویستی خۆیان خانەنشین کراون.

جگە لەوەش وەزارەتی کارەبا هەمشە لەسەر مێزی ڕێکەوتنە سیاسییەکاندا بووە، وەك پشك بە ئەم حزب و ئەو حزب دراوەو پۆستەکان بەشێوەی پرۆڤیشناڵانەو ئیدارییانە مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، لەکاتێکدا بەبڕوای ئێمە دەبوایە بەشێوەیەکی تەنکیکی وەك خزمەتگوزارییەکی گشتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، هەروەها وەزارەتی کارەبا پڕکراوە لە فەرمانبەر زیادەی نا پێویست، کە ئەوەش خەرجییەکانی کارەبا زیاترکردووە.

لە کاتێکدا لە پێش ڕاپەڕین حکومەتی ئەوسای عێراق، وەك کۆمپانیایەکی سەربەخۆ و قازانجکەر مامەڵەی لەگەڵ کەرتی کارەبا کردووە و حکومەت تێچووی تەواوی (یەکەی) کارەبای هەژمارکردووە و پەراوێزێکی قازنجیشی داناوە، واتە کارەبا نەك زیان، قازانجی کردووە و فەرمانبەرانی کارەبا جگەی لەوەی موچەیان لە داهاتی کارەبا بووە، ساڵانە ڕێژەیەك قازانجیشیان وەرگرتووە.

3- نەبوونی یاسای پێدانی کارەبا.

بەداخەوە تا ئێستا لە کوردستاندا بە پێچەوانەی وڵاتان یاسایی پەسەندکراوی تایبەت بە پێدانی کارەبای بە هاوبەشە جۆربەجۆرەکان نییە، واتە کارەبا ئەو کەرتە گەورەو ئاڵۆز و پڕ خەرجییە یاسایی نییە، جگە لە چەند ڕێنماییەکی کرچ و

کاڵ، کە حکومەت تا پێوەرەکە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە دوای ( پێوەری کارەبا ) هاوبەش ئازادە چۆن دەییەستێت و چۆن بەکاری دەهێنێت.
هەموولایەکیش باش دەزانێت نەبوونی یاسای پێدانی کارەبا،بۆتە هۆی بە فیڕۆچونێکی لە ڕادە بەدەر لە بەکارهێنانی کارەبا، جگە لە حاڵەتی دزی و فرتوفێڵ، کە پێویستە حکومەت یاسای هەبێت لە ناو ماڵدا بەرپرسیاربێت، وەك چۆن ساڵانە پشکنین بۆ سەلامەتی ئۆتۆمبێل دەکات بە هەمان شێوە پشکنین بۆ کارەبای ماڵان بکات، لەلایەك بۆ ڕگرتن لە دزی و فرتووفێل، لە لایەکی تر بۆ پاراستنی سیستمی تۆڕەکانی کارەبا.

بۆشایی نێوان خواست و خستنەڕووی کارەبا ( کێشە گەورەکەی کارەبا )

گرفتی سەرەکی لە کارەبا بریتیە لە هاوکێشەی ( خواست لەسەر بەکارهێنی کارەبا و خستنەڕووی کارەبا )، واتە دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری، بریتیە لە یەکسانکردنی ئەو دووانە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە پێی پێویستی خۆیان بتوانن کارەبا بەکاربهێنن و بەردەوام کارەبا هەبێت،حکومەت بتوانیت ئەو خواستە پڕ بکاتەوە ، جگەلەوەش پێویستە خستنەڕووی کارەبا بە ڕێژەی لە10٪ زیاتر بێت لە خواست .

بەڵام ئایا لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوە ڕاستە؟

حکومەتی هەرێم لە ماوەی ڕابردوو بە بەردەوام کاری کردووە و پرۆژە و بەرنامەی ئەوەبووە، کە کارەبا بگەیەنێتە هاووڵاتیان بۆیان دابین بکات، واتە بەردەوام کاریکردووە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا بە خەڵك، لە بەرامبەردا هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکرنەوەی بەکارهێنانی کارەبا نەبووە .

لە کاتێکدا دەبوو چۆن پلان و بەرنامەی بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ گوند و شارو و شارۆچکەو گەڕەکەکان هەبووە، بەرنامەی بۆ چۆنیەتی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا هەبووایە، بەوپێیەی وزەی کارەبا بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی هەموو خەرجییە و گرانە بەڵام وزەی کارەبا هەرزانترە هەموو وڵاتان ساڵانە پلان دادەنێن کە چون بتوانن وا بکەن هاوبەشێك ڕێژەیەك لە بەکارهێنانی کارەبا کەم بکاتەوە. پلانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبای میکانیزمی خۆی هەیە و لەم وتارە جێگەی نابێتەوە لە ئایندەدا دەتوانین بە ووردی شیبکەینەوە.

سەبارەت بە خواست و خستنەرووی کارەبا لە کوردستان بە پێی دانانی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان لە نێوان 2500 بۆ2700 مێگاواتە خواست لە دەوروبەری 4500 مێگاوات کارەبایە، واتە 2000 مێگاوات کورتهێنا نمان هەیە لە دابینکرنی کارەبا. حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی ئەو 2500 مێگاواتە رووبەرووی قەرزێکی زۆر بۆتەوە، بۆیە لە توانایدا نییە کە کارەبای زیاتر بەو پێیەی دابینکردنی هەر مێگاوتێك کارەبا بۆ یەك ساڵ بە ( 1.328.892 ) یەك ملیۆن و سێسەدوو بیست و هەشت و هەشت سەد نەوەد دوو دۆلارە، واتە ئەو دوو هەزار مێگاواتە پێویستی ( 2.657.784.000 ) دوو ملیار و شەش سەد پە نجاوحەوت ملیۆن و حەوت سەد و هەشتاوچوار هەزار دۆلار هەیە، کە بێگومان بەهۆی قەیرانی دارایی توانای دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی نییە .

جگە لەوەش بە پێی داتاکانی وەزارەتی کارەبا لە( 30٪ ) ی ئەو کارەبایەی دابین دەکرێن دەکرێت وون دەبێت کە بە زمانی کارەبا پێی دەگوترێت ( Losses ).

ئەی چارە؟

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە ئەسڵی کێشەی کارەبا کرد، کە وەك هەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکی دیکە، بریتیە لە گەورەبوون و بەرفراوانبوونی (گاپ) بۆشایی نێوان خواست و خستنەڕووی کارەبا، ئەوەش واتە بۆشایی نێوان بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا و بڕی بەکارهێنانی کارەبا، کە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبا هەرێم، ساڵانە خواست لەسەر کارەبا زیاد دەکات و کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانیش کەمتر دەبێتەوە.

ئەگەر لەسەرەتاوە حکومەت بەشێوەیەکی زانستیانە پلانی بۆ شێوازی بەکارهێنانی کارەبا دابنایە، خواستی بەکارهێنانی بەوشێوەی ئێستا بەرزنەدەبۆوە، پێویست بوو، وەك چۆن بەرنامە رێژی کرا بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی لەرێگەی مۆڵەتدا بە کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەهاوشانی ئەوە پلانی بۆ چۆنیەتی کەمکرنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕودانی دانرایە، کە بەداخەوە تا ئێستاش، دوای ئەو قەیرانە گەورەیەی کارەبا نیەتی.

چۆن بەکارهێنانی کەم بکەینەوە؟

پرسیارێکی زۆر جەوهەری و گرنگە، دەبوایە سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران، ئە نجومەنی باڵای ئابووری، وەزارەتەکانی دارایی و کارەبا، چەندین کۆنفراس و کۆبونەوەو دیداریان بۆ چۆنیەنی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕۆنەدانی بکردایە ، دەبوایە پلانی ( پێنج ) ساڵە و (دە) ساڵە دابنرایە، بۆ ئەوەی ساڵانە بەرێژەیەك ئاستی بەکارهێنانی کارەبا کەمبکرایەتەوە.

پێویست بوو، ئاستێك دابنرایە بۆ ئەوەی پێی بگات، بۆ نموونە ساڵانە بتوانرێت بەرێژەی 1٪ بۆ 5٪ ئاستی بەکاهێنانی کەم بکربێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە دەبوو چی بکرێت:-

1- کارکردنی بۆ کۆڕینی سیستەمی دروستکردنی خانوو و بیناکان بە دیوار و بنمیچی دابڕکەر ( عزل حراري )، کە هەر خانوویەك دیواری دابڕکەر بێت ( 30٪ ) وزەی کەمتر دەوێت.

2- دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی لە مەنهەجی خوێندندا، لەسەر گرنگی وزە و چۆنیە بەفیڕۆ نەدانی وزە بەگشتی و کارەبا بەتایبەتی .

3- کارەبا، نەکرێتە جێگرەوەی نەوت و غاز بۆ گەرمکردن لە وەرزی زستان.

4- گۆڕانکاری لە دیزاینی خانوو و بیناکان کە، سوود وەربگیرێت لە وزەی خۆر، بۆ رووناککرنەوەی ژوورەکان لە رۆژدا، ئەوەش بە دروستکرنی بە نجەرەی گەورە.

5- ڕەنگکردنی دیوی دەرەوەی بیناکان بە ڕەنگی کاڵ و سپی، بۆ ئەوەی لەهاویندا تیشك بداتەوە کەمتر گەرم بێت، بەوپێیەی ڕەنگی ڕەش گەرمی هەڵ دەمژێت.

6- هاندانی خەڵك بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ ئاوگەرمکردن بە دانانی (سۆلار بۆیلەر) کە ئێستا نرخەکەی زۆر گونجاوە و هیچ کارەبای پێویست نییە بۆ ئاوگەرم کردن.

7- دانانی (سێنسەر) هەستەوەر بۆ کوژاندنەوە و هەڵبوونی گڵۆپ لە دەرەوە ماڵ و ڕاوەکان.

8- چەندین سیستەم و شێوازی دیکەش هەیە کە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەفیڕۆچوونی کارەبا.

ژینگە کوردستان کاریگەری لەسەر خواستی کارەبا ..!

ژینگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی لە وەرزی هاویندا پلەکانی زۆر بەرزدەبێتەوە و لە وەرزی زستانیش زۆر سارد دەبێت و بۆ ژێر سفری سەدی دادەبەزێت، ئەوەش وادەکات لەو دوو وەرزەدا خواست لەسەر کارەبا بگاتە لوتکە و دوو هێندەی وەرزەکانی دیکە زیاد بکات.

بۆنموونە لە پارێزگای سلێمانی ساڵی 2015 لەوەرزی بەهاردا بە نزیکەی 550 مێگاوات کارەبا، توانرا کارەبا سلێمانی بەتەواوی و 24 کاژمێر هەبێت، بەڵام لە وەرزی زستاندا بەو 550 مێگاوات تەنها توانرا 13 کاتژمێر کارەبا دابین بکرێت.

ئەو جیاوازییەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئامێرەکانی گەرمکەرەوە بەرێژەی (50٪) خواست لەسەر کارەبا زیاد دەکات، گرانی نرخی نەوتی سپی و دابەش نەکردنی ئەو ڕێژەیە زیاتر دەکات.

بۆ چارەسەری ئەوە پێویستە حکومەت پلان دابنێت، کە بۆ بەدیلی کارەبا بۆ گەرمکرنەوەی ماڵان و ئاو گەرمکردن دابنێت و پێشتریش زیانە ئابوورییەکانیمان ڕونکردەوە.

بلۆك دوژمنە سەرسەختەکەی کارەبا..!

جگە لەوەی دیزاین و شێوەی دروستکردنی خانووبەرە لە کوردستان، پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە، ئەو کەرەسانەش خانوەکانی پێدروست دەکرێت (save energy) بێت، پارێزەری وزە بێت، کەرەستەی نوێ بەکاربهێنرێت، کە زۆر دابڕکەری سەرماو گەرمایە، ڕێگری لە لەکارهێنانی بلۆك بکرێت، کە دەبێتەهۆی بەفیڕۆدانێکی لەرادەبەدەری وزە بەگشتی و کارەبا بەتایبەتی، بە پێیەی بلۆك کەرەسەیەکی دابڕکەر (عازل)ی ساردی و گەرمی نییە.

بە پێی تۆژینەوەکان خانوویەك کە دیوارەکانی دابڕەر (عازل)ی گەرمی و ساردی بێت 30٪ (وزە)ی کەمتر دەوێت، واتە ئەگەر ساڵانە بایی 500 هەزار دینار وزەی پێویست بێت، بەدیواری عازل 150 هەزار دینا ر خەرجی وزەی کەمتر دەبێت.

بۆیە ئەگەر بۆ بینا کۆنەکان کە دروستکراون هیچ ناکرێت، پێویستە بۆ داهاتوو مۆڵەت بە دروستکردنی بینا نەدرێت کە دیوارو بنمیچەکانی دابڕکەر نەبێت.

عەرەبستانی سعودیە کە رۆژانی زیاتر لە 10 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، ساڵی 2014 بڕیاریدا هەر بینایەك دیواری دابڕەر ( عازل ) نەبێت مۆڵەتی دروستکردنی پێنادات، ئەوەش لە پێناو کەمکردنەوەی بەکارهێنانەکانی وزەی کارەبا، کە ئەوانیش کێشەی بەرزبوونەوەی خواستی کارەبا هەیە.

لە کوردستان دەکرێت وەك هاندانێك بۆ بەکارهێنانی کەرەسەی دابڕکەر ( عزل الحراری ) لە دروستکردنی خانوودا، حکومەت قەرزی نیشتەجێبوونی ( بێ سوود ) بدات بەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، لەگەڵ بەکارنەهێنانی بۆیلەری کارەبایی.

- گرانکردنی نرخی کارەبا، وەك ئامرازێك بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا.

لەبەشی یەکەمدا ئەوەمان رونکردەوە کە وزەی کارەبا، گرنترین، بەوپێیەی لە قۆناغی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن تا دەگاتە دەست بەکارهێنەر خەرجییەکی زۆری دەوێت، بۆیە پێویستە ئیدارەدان و بەکارهێنانی زۆر عەقلانی بێت، بۆئەوەی نەبێتە بارگرانی.

لەکوردستاندا بەداخەوە بەهۆی خراپی ئیدارەدانی کەرتی وزە بەگشتی ، کارەبا بەتایبەتی ، کارەبا بۆتە کێشەی گەورەی خەڵك و هەم بارگرانییەکی قورس لەسەر شانی حکومەت، کە یەکێك لە هۆکارەکان هەرزانی تاریفە ( نرخی ) کارەبایە، بەرامبەر گرانی تێچووکەی.

بە پێی بەدواداچوونەکانی ئێمە، هەر هاوبەشێکی ماڵان لە کورستان ساڵانە نزیکەی 11.000 کیلۆات هاوەر کارەبا بەکاردەهێنێت، ( ئەو ژمارەیە تێکڕاییە، رەنگە لە ماڵێك بۆ ماڵێك جیاوزبێت )، ئەوەش بەکارهێنانێکی زۆر نا سروشتیە یەکسانە بە ئاستی بەکارهێنانی هاوبەشێکی کارەبا لە ئەمریکا و کەنەدا و عەرەبستانی سعودییە.

بۆیە پێویستە توێژینەوەی ورد بکرێت لەسەر هۆکاری ئەو برە زۆری بەکارهێنانی کارەبا لە کوردستان و چۆنیەتی کەمکردنەوەی بەرکارهێنانی کارەبا، کە یەکێك لە هۆکارەکان هەرزانی نرخی کارەبایە.

نرخی کیلۆوات هاوەرێك ( KWH ) بۆ ماڵان بۆ یەك مانگ بەم شوەیە :-

| بڕی یەکەی سەرفکراو ( KWH ) | یەکەی سەرفکراو بۆ یەك مانگ | نرخەکەی |
|---|---|---|
| 450-1 | 450 کیلۆوات | 15 دینار |
| 900- 450 | 450 کیلۆوات | 20 دینار |
| 1500 – 901 | 600 کیلۆوات | 35 دینار |
| 2100 – 1501 | 600 کیلۆوات | 60 دینار |
| 3000 – 2101 | 900 کیلۆ وات | 75 دینار |

| | | |
|---|---|---|
| 3001 – 5000 | 2000 كیلوات | 200 دینار |
| 5001 بەرەو ژوور | ------------ | 200 دینار |

ئەگەر سەیری نرخەكان بكەین لە بەرزین حاڵەتدا كە 3000 كیلۆواتە، كەماڵێك بەكاریبهێنێت لە مانگێكدا، ناكاتە یەك (سەنت) بەدۆلار، كە ئەوەش ناكاتە یەك لەسەر سێی تێچووی راستەقینەی كارەبا.

ئەگەر لەسەر ئاستی خوارەوەی بەكارهێنانی كارەبا سەیری نرخەكان بكەین كە 15 دینار و 20 دینار، 35 دینار و بۆ هەموو هاوبەشێكیش هەژماردەكرێت، دەكرێت بڵێین كارەبا بە پارە نیە. بەوپێیەی یەك كیلۆوات هاوەر بە 15 دینار واتە (0.125 سەنت).

لەكاتێكدا نرخی كیلۆوات هاوەرێكێك لە موەلیدە ئەهلیەكان بە 250 دینارە، كە هەندێك شوێن زیاتریشە، كە دەكاتە شانزە ئەوەندە زیاتر لە نرخی حكومی، ئەگەر پرسیاریش بكرێت خەڵك زۆربەی ئیشەكانیان كە كارەبای زۆری دەوێت دەخەنە ئەو كاتەی كارەبای نیشتمانی هەیە، بۆ ئەوەی پارەی موەلیدەكانیان كەمتربێت..

بۆیە بەبڕوای ئێمەی دوای دیراسەكردنی وورد، بەرزكردنەوەی نرخی كارەبا، بەمەرجێك نرخی غاز و نەوت، گران نەكرێت یارمەتیدەرێكی باش دەبێت بۆ كەمكردنەوەی بەكارهێنانی كارەبا و بەفیڕۆدانی كارەبا، چونكە كە نرخەكەی گران بێت خەڵك هەوڵ دەدات بە پێی پێویست بەكاربهێنێت، زیادەڕەوی تێدانەكات و بەفیڕۆی نەدات.

جگە لەوانەش ئێستا بەهۆی كەمبوونەوەی كارەبای نشتیمانی بۆ زیاتر لە 50٪ هاونیشتیمانی بەناچارەی كارەبایەكی گران لە موەلیدی ئەهلی دەكڕێت، كەمترین سودی لێیوەرەگرێت.

لەسەر ئاستی گشتیش خواست لەسەر كارەبا كەم دەبێتەوە و حكومەت پێویستی بەكڕینی كارەبا كەمتر دەبێت.

بابەتی بەرزكردنەوەی نرخی كارەبا پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، كە هەموو رەهەندەكانی شی بكرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجە راستەقینەكەی خۆی بپێكێت، كە باشبوونی رەوشی كارەبا و كەمكردنەوەی بەفیڕۆدانی كارەبایە.

- گۆڕینی كارەبا لە كەرتێكی خزمەتگوزارییەوە بۆ كەرتێكی ئابووری

لەدوای بچڕانی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی كارەبا لە دوای راپەڕینەوە، بەشێكی زۆر گرنگ كە لە دامەزراوەی كارەبای عێراق هەبوو لە كوردستان نەما، كە ئێستا لای ئەوان ماوە و پەرەی پێدراوە و لەكوردستان بوونی نییە، بەشی دەركردنی تێچووی (كلفە)ی كارەبایە.

بێئەوەی هۆكارەكەی رونبكرێتەوە ئەو بەشەگرنگە لابران، لەكاتێكدا دەبوایە بمێنێت بۆ ئەوە وەزارەتی كارەبا بەبەردەوامی بەووری تێچووی راستەقینەی كارەبای بزانیایە، بۆئەوەی لەو رێگەیەوە زیان ئابوورییەكانی بەفیڕدانی كارەبا ونبوونەكانی كارەبا (LOSSEE)ی كارەبای بزانیان و بەرنامەی بەفیرۆدانی كەمكردایەتەوە، كە ئێستا حكومەتی هەرێم بەتەواوی تیچووی كارەبا نازانێت، بۆیە گوێ بە فرۆشتن و كۆكردنەوەی داهاتەكە نادات كە تەنها لە پارێزگای سلێمانی لە كۆی 171.135.914.181 ملیار دینار تەنها 13.635.081.820 ملیار دینار وەرگیراوە، واتە (157.500.932.301) ملیار بوە بەقەرز.

لەکاتێکدا لەم قەیرانی دارییەدا دەبوایە زۆربەووردی گرنگی بەکۆکردنەوەی داهاتی کارەبا بدایە. هەروەها بە پێی پێویست گرنگی بەبەرێوەبەرایەتییەکانی ڕاگەیاندن لە شارەکانی کوردستان نەدراو بودجەی پێویستی بۆ هۆشیاری و سەلامەی صناعی بۆ تەرخان نەکرا.

هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە دزی کارەبا دەکەن، سزکەیان وەرگرتنەوەی تێچووی راستەقینەی کارەبا بێت نەك وەك ئێستا بە 30 هەزار دینار سزادەدرێن، بەلام رەنگە بایی سەد ئەوەندە کارەبای دزی بێت.

لە هەموو دنیادا کەرتی وزە، کەرتێکی گەورەی ئابوورییە و جگە لەوەی دەرفەتی کار بەمووچەی زۆر باش بۆ هەزاران کەس دەرەخسێنێت، قازنجێکی زۆر باشی هەیە، لەکوردستانیش جگە لە کارەباکەی حکومەت هەموو کەسانەی لەبواری وزەدا کار دەکەن قازا نجی زۆر باش دەکەن.

بۆیە کاتی ئەوەی هاتووە پێداچوونەوە بە کەرتی کارەبادا بکرێت رێك بخرێتەوە، حکومەت ئەگەر پاڵپشتی وزەی کارباش دەکات، پێویستە پاڵپشتیەکە سنودار دیاریکرو بێت، بەلام نابێت لە کارەبا زیان بکات، پێویستە لە بری پاڵپشتی کارەبا کە بەفیرۆدانێکی زۆری تێدایە نەیهێڵێت، کارەبا بە نرخی تێچوو لەگەڵ قازا نجێکی کەم بفرۆشێت بەهاوبەشەکان، لەبەرامبەرادا گرنگی زیاتر بە کەرتی پەروەردە و تەندروستی و رێگاوبان بدات.

دووبارەی دەکەمەوە پێویستە بەشی تێچوو (کلفە) بکرێتەوە لە وەزارەتی کارەبا و بەووری تێچووی هەر یەکەیەکی کارەبا دەبهێنرێت بۆ ئەوەی حکومەت بەرچاوی روون بێت خەرجیەکانی کارەبا چەندە و چۆن خەرجیەکانی کەم بکاتەوە.

- بەکەرتی تایبەتکردنی (خصخصە) کارەبا

یەکێك لەو چارەسەرانەی بۆ کێشەی کارەبا ماوەی چەند ساڵێکە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بەکەرتی تایبەتکردنی (خصخصە)ی کەرتی کارەبایە، ئەگەرچی ئێستا بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە کەرتی تایبەتە، کە ئەوەش نەك کێشەی کارەبای چاك نەکردووە و بەڵکو قورستری کردووە، بەو پێیەی حکومەت سوتەمەنی دەکرێت و بەبێ بەرامبەر دەیدات، بە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و ئەوان بۆی دەکەن بەکارەبا و حکومەت لێیان دەکڕێتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین وێستگەکانی کارەبا وەك ئاش وایە گەنم دەبەیت بۆ دەکات بە ئارد و کرێی هاڕینەکە دەدەیت بە ئاشەوانەکە، لەکاتێکدا دەبوایە وێستگەکە خۆی سوتەمەنی بۆخۆی داین بکردایە نەك حکومەت بێبەرامبەر بیداتە ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا.

پێدانی کارەبای کوردستان بەتەواوی حکومەت بڕواتە دەرەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و قورسە یاسای تایبەتی دەوێت کە نیمانە، هەروەها لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە خەڵك قبوڵی بکات، هەست بەمەترسی نەکات، هەست بکات بۆ باشتر خزمەتکردنی ئەوە نەك زیاد بوونی بارگرانی سەرشانی.

پرۆسەی بەکەرتی تایبەتیکردنی کارەبا قسەوباس زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا بوار نییە هەمووی باس بکەین.